گۆڤارا زانستێن مرۆڤایەتی یا زانكۆیا زاخۆ
مجلة العلوم الانسانية لجامعة زاخو
Humanities Journal of University of Zakho (HJUOZ)
Vol. 11, No. 2, pp. 362–373, June.-2023.
hjuoz.uoz.edu.krd
p-ISSN: 2664-4673
e-ISSN: 2664-4681
journals.uoz.edu.krd

# كاریگەری ستراتیجیی چالاككەرەوە دركییەكان و ڕێكخراوە پێشكەوتووەكان لەسەر دەستكەوت لای خوێندكارانی بەشی زانستەكۆمەڵایەتییەكان لەبابەتی مێژوو

شێرزاد على احمد [1] * و كريم احمد عزیز [2] و سەلام عبدالكريم عبدالله [3]
[1] بەشی زانستە كۆمەڵایەتییەكان، كۆلیجی پەروەردەی بنەڕەت، زانكۆی سلێمانی، هەرێمی كوردستان-عێراق.
[2] بەشی باخچەی منداڵان، كۆلیجی پەروەردەی بنەڕەت، زانكۆی گەرمیان، هەرێمی كوردستان-عێراق.
[3] بەشی مێژوو، كۆلیجی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتیەكانی سەیسادق ، زانكۆی سلێمانی، هەرێمی كوردستان-عێراق.

**تاريخ الاستلام:** 08/ 2022 **تاريخ القبول:** 2022/12 **تاريخ النشر:** 2023/06 https://doi.org/10.26436/hjuoz.2023.11.2.1081

**پوختە:**
ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی "كاریگەریی ستراتیجیی چالاككەرەوە دركییەكان و ڕێكخراوە پێشكەوتووەكان لە سەر دەستكەوت لەبابەتی مێژوو لای خوێندكارانی بەشی زانستەكۆمەڵایەتییەكان"، كۆمەڵگەی توێژینەوەكە بریتییە لە فێرخوازانی بەشی زانستە كۆمەلایەتییەكان، نمونەی توێژینەوەكە بریتییە لە فێرخوازانی (قۆناغی دووەم) سمستەری چوارەم لە بەشی زانستە كۆمەڵایەتییەكان كە توێژەر ئەو قۆناغەی بەمەبەست هەڵبژارد، لەبەر دوو هۆكاری سەرەكی یەكەم: بەهۆی گونجاوی ژمارەی فێرخوازان لەو قۆناغە كە ژمارەیان گونجاو بۆ ئەوەی بكرێنە سێ گروپ، دووەم: بوونی بابەتی مێژووی كورد لە سەدەكانی ناوەڕاست لەو قۆناغە، توێژەر دیزاینی ئەزموونی بەكارهێنا بۆ سێ گرووپی هاوسەنگ، گرووپی ئەزموونی یەكەم بابەتیان بەپێی ستراتیجی چالاككەرەوە دركیەكان وەردەگرت و گرووپی ئەزموونی دووەم بابەتیان بەپێی ستراتیجی ڕێكخراوە پێشكەوتووەكان وەردەگرت، گرووپی سێیەم گرووپی كۆنترۆڵكراو كە بابەتیان بەڕێگای ئاسایی وەردەگرت، كە ژمارەی فێرخوازان بریتی بوو لە (57) فێرخواز، واتە هەر گروپێك (19) فێرخواز، توێژەر تاقیكردنەوەیەكی بنیاتنا بۆ دەستكەوتی خوێندن كە ژمارەی برگەكانی بریتی بوو لە (40) برگەی پرسیاری جۆری هەڵبژاردن لە چەند دانەیەك، دوای تەواوبوونی ماوەی ئەزموونی و بەدەستهێنانی داتا توێژەر دەستیكرد بە شیكردنەوەی داتا بەدەستهاتووەكان، بۆ شیكردنەوەی داتاكان توێژەر بەرنامەی (spss) بەكارهێنا و گەیشت بەم ئەنجامانەی لای خوارەوە:
1- ستراتیجی چالاككەرەوە دركییەكان ڕێگایەكی سەركەوتووە بۆ وانەوتنەوەی بابەتی مێژوو، گرپی ئەزموونی یەكەم دەستكەوتی خوێندنی بەرزیان بەدەستهێناوە.
2- وانەوتنەوە بە پێی ستراتیجی ڕێكخراوە پێشكەوتووەكان سەركەوتوو كاریگەرە بۆ بابەتی مێژوو لای فێرخوازانی بەشی زانستە كۆمەڵایەتییەكان.

**كلیلە وشە:** كاریگەریی ، ستراتیجیی ، چالاككەرەوە دركییەكان ، ڕێكخراوە پێشكەوتووەكان ، دەستكەوت.

## 1-1- پێشەكی

وانەگوتنەوە بەڕێگە كلاسیكیەكان ناگونجێت لەگەڵ پێشكەوتنی تەكنەلۆژیا و زۆربوونی زانیاری هەر بۆ ئەم مەبەستە زۆر گرنگە مامۆستا و لایەنە پەروەردەییەكان كە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ خوێندكاردا هەیە شارەزای ستراتیجییەتە كارا و نوێیەكانی بواری وانەگوتنەوەبن، هەروەها توانای جێبەجێكردنیان هەبێت لە نێو پۆلدا بۆ پەرەپێدانی تواناكانی فێرخوازان و بەدەستهێنانی دەستكەوتی زیاتر، لەناو ئەو ستراتیجیانەشدا كۆمەڵێك ستراتیجییەتی كارا هەیە كە تێیدا فێرخوازەكان چالاكن و بەشێكی سەرەكین لە وانەگوتنەوەكەدا لەوانەش هەر یەكە لە ستراتیجییەكانی (چالاككەرەوە دركییەكان و ڕێكخراوە پێشكەوتووەكان) كە یەكێكن لەو ستراتیجییە نوێیانەی وانەگوتنەوە و گونجاون بۆ زۆربەی بابەتەكانی زانستە كۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتییەكان.

### 1 – 2 گرفتی توێژینەوە (مشكلة البحث)

توێژینەوە پەروەردەییە نوێیەكان جەخت لەسەر ئەوە دەكەنەوە ئەوستراتیژانەی لەئێستادا بەكاردەهێنرێن وەڵامدەرەوەی پێشكەوتن و بەرەوپێشچوونەكانی بواری وانەگوتنەوە نییە، بەتایبەت ئەگەر ئەوەبزانین مامۆستایان لە وانەگوتنەوەیاندا خوێندكارانیان بەجۆرێك ڕاهێناوە كە تەنها گوێگربێت و بەشێوەیەكی كارا بەشدار نەبێت لە وانەكاندا. بەوجۆرە لەوانەوتنەوە مامۆستا ناتوانێ ئاستی بیركردنەوەكانی خوێندكار گەشەپێ بدات و بەتایبەت بیركردنەوەیەكی وەك

* فەكولەرێ بەرپرس.

This is an open access under a CC BY-NC-SA 4.0 license (https://creativecommons.org/licenses/by-nc-sa/4.0/)

بیرکردنەوەی دوورمەودای کە تەواوی ئاکت و چالاکیەکانی کەوتوتە سەرفێرخواز و دەیکات بە چەقی پرۆسەی فێرکاری دواجار هزرو بیرکردنەوەی گەشەناکات و هاندەریش نابێت بۆ بابەتی خوێندن بەتایبەت بابەتێکی وەك مێژوو کە زانیاری و سەرگوزەشتەی زۆرە.

ئەو ڕێگای وانەوتنەوانەی پێشتر مامۆستایان بۆ وانەوتنەوە بەکاریان دەهێنا لەنێو پۆلی خوێندندا نەیدەتوانی فێرخوازان بکاتە خاوەن کەسایەتییەکی بەهێز و هەستێ بەو ڕۆڵەی کە بۆی دیاریکرابوو، ئەمەش هاندەر نەبوو بۆ دەرکەوتنی بیرۆکەکانی فێرخواز و ڕۆڵێکی لاوەکی بۆ فێرخوازان دەمایەوە (خضر،2014، ص129).

لەکاتێکدا بەهۆی گرتنەبەری ستراتیجیەتە نوێیەکانی وانە گوتنەوە بەکارهێنانی ئەو مۆدێل و ستراتیجیانەی وانەوتنەوەی کارا کە فێرخوازان ڕۆڵێکی سەرەکییان هەیە لە نێو پۆلی خوێندندا و بەهاوبەشی مامۆستا پێکەوە تەواوکەری پرۆسەی وانە وتنەوەکەن، ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ بەرزکردنەوەی دەستکەوتی زانستی فێرخوازان و دەرکەوتنی بیرۆکە و دەرەنگ وشکبوونی بیرۆکەکانیان لەسەر ئەو بابەتەی وەریدەگرن (سعداوي، 2015، ص602).

توێژەریش لە سۆنگەی هەستکردن بەبوونی ئەم کێشەیە لە ناوەندێکی خوێندنی باڵای وەك زانکۆ هەوڵیداوە کار لەم توێژینەوەیدا بکات کە تەواوی ئاکت و چالاکیەکانی کەوتوتە سەر خوێندکار و دەیکات بە چەقی پرۆسەی فێربوون دەیکات بەکەرەستەی لێکۆڵینەوە لە ڕێگەی بەکارهێنانی هەردوو ستراتیجی (چالاککەرەوە درکییەکان و ڕێکخراوە پێشکەوتووەکانەوە) کار بۆ پەرەپێدانی تواناکانی فێرخوازان بکات، چونکە هەر یەکە لە توێژینەوەکانی (الابيض،2010)، (الطائي، 2002)، (طقاطعة، 2017)، (عميري، 2007)، (sunasuan and songserm, 2021)، کارایی ئەو ستراتیجیانەیان سەلماندوە بۆ پەرەپێدانی بیرکردنەوە و بەتایبەت بیرکردنەوەی دوورمەودا لە بابەتی مێژوودا.

توێژەر گرفتەکانی توێژینەوەکەی بەشێوەی پرسیار خستوەتەڕوو:

1- ئایا بەکارهێنانی ستراتیجییەتی چالاککەرەوە درکییەکان، کاریگەری هەیە لەسەر دەستکەوتی فێرخوازانی بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان؟

2- ئایا بەکارهێنانی ستراتیجییەتی ڕێکخراوە پێشکەوتووەکان، کاریگەری هەیە لەسەر دەستکەوتی فێرخوازانی بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان؟

توێژەر لەو پرسیارانەی سەرەوە گریمانەکان دادەڕێژێت.

### 1-3- گرنگی توێژینەوە (أهمية البحث)

وانەوتنەوە پرۆسەی بەیەك گەیشتنی مامۆستا و فێرخوازە، مامۆستا هەوڵدەدات زانیاری و لێهاتویەکانی بگەیەنێتە فێرخوازەکانی، بەخستنەگەڕی ڕێگاو شێوازە گونجاوەکان بۆ ئامادەکردنی فێرخواز لەڕووی دەروونی و ئاڕاستەی زانستی، ئامانجی گرنگیدانە بەدروستکردنی مرۆڤێکی خاوەن ئامانج و گونجاو لەگەڵ کۆمەڵگەکەی و گەشەپێدانی شێوازەکانی بیرکردنەوەی دروست و زانستی (عبدالقادر، 2013 ، ل25)

وانەوتنەوەی کاریگەریش پەیوەستە بەو ستراتیژیەت و ڕێگا و شێوازانەی مامۆستا دەیگرێتەبەر لە ناو هۆڵی خوێندندا بۆ زیاتر سرنجڕاکێشانی فێرخوازەکانی، باشتر وایە مامۆستا ئەو ستراتیجییەتانە بگرێتەبەر کە فێرخواز تێیاندا کارایە و ڕۆڵی چالاکی هەیە.

ستراتیجییەتەکانی (چالاککەرەوە درکییەکان و ڕێکخراوە پێشکەوتووەکان) ئەو ستراتیجییانەن کە پێیان دەگوترێ ستراتیجییەتەکانی وانەوتنەوەی کارا کە لە (فێرکردنێکی کاراوە) دروست دەبێت،بنەما تیۆرییەکانی فێربونی کارا لەسەر بنەمای کۆمەڵێك گۆڕاوی جیهانی دامەزراوە کە ئامانجی گۆڕینی فۆکسە لە مامۆستاوە بۆ فێرخواز، بەو مانایەی فێربوون لەو شوێنانەدا ڕوودەدات کە فێرخوازان تێیدا کارا و چالاکبن (أمبوسعيدي،الحوسنية،2016، ص24).

فێرکردنی کارا بەمانا هاوچەرخەکەی جگە لەوەی زانستێکی کارپێکراو هەڵبژێردراوە و گەشەسەندووە، پرۆسەیەکی پەروەردەیی ئامانجدار و هەمەلایەنەیە کە هەموو ئەو هۆکارانە لەبەرچاودەگرێت کە فێربوون و فێرکردن پێکدەهێنن، لەم پرۆسەیەدا مامۆستاو فێرخوازان و کارگێری قوتابخانە و خێزان و گۆمەڵگا هاوکاری یەکتر دەکەن بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەی کە پێیان دەگوترێت ئامانجە پەروەردەییەکان (الشهراني،2010، ص3)

ئەگەر ئێمە ئەوە بزانین کە وانەوتنەوە پرۆسەیەکی گەورەترە لە فێرکردن و فێرکردنیش فراوانترە لە فێربوون، هەر لەوکاتەوە (بلوم) ئاستەکانی فێربوونی لە قوچەکێکی شەش ئاستیدا نە خشاند ئەرکی گەورەی خستە سەرشانی مامۆستا، ئیدی مامۆستایش پێویستی بە وانەوتنەوەیەکی ڕێکخراو و ئەکتیڤ هەبوو (عەزیز، 2021، ل50)

لە ئەنجامی توێژینەوەکانی (عبدالامير،2009) و (دەروزة، 2007) کە لەسەر ستراتیجییەتی (چالاککەرەوە درکییەکان)ە ئەوە خراوەتەڕوو کە وانەوتنەوە بەپێی ئەم ستراتیجیتە وا لە فەرخوازان دەکات دەستکەوتیان لە تاقیکردنەوەی پاشی زۆر بەرزببێتەوە، ئەمەش ئاماژەی سەرکەوتن و دەرخەری کارایی ستراتیژیەتەکە پیشان دەدات.

(ستراتیجییەتی ڕێکخراوە پێشکەوتووەکان یەکێکە لە ستراتیجییەتەکانی وانەوتنەوەی کارا کە تێیدا وانەکە بەشێوەیەکی ڕێکخراو دەخرێتەڕوو و فێرخوازان لە جوڵەی بەردەوامدان و هەمیشە چالاکن بۆ ئەوەی لە بابەتەکە بێزارنە بن لەڕێگەی چالاکی و جوڵەکانیانەوە، لە ئەنجامی توێژینەوەکانی ((Enekwechi E.E (2018) و Kapri (2017)) ئەوە خراوەتەڕوو کە وانەوتنەوە بەپێی ئەم ستراتیجییەتە دەبێتەهۆی بەرزکردنەوەی دەستکەوتی فێرخوازان و دەرکەوتنی گۆڕانکاری لە ئاستی فێربوونیدا.

لەژێر ڕۆشنایی ئەوانەی سەرەوە دەتوانین گرنگی توێژینەوەکە بخەینە ڕوو لەو خاڵانەی خوارەوە :

1- ئەم توێژینەوەیە سود بە مامۆستایانی بەشە مرۆڤایەتیەکان بەگشتی و مامۆستایانی بەشی زانستە کۆمەڵایەتیەکان و بابەتی مێژوو بەتایبەتی دەگەیەنێت لە ناوەندەکانی پەروەردە و فێرکردن و خوێندنی باڵا.

2- پێشبینی دەکرێ ئەم ستراتیجییەتانە وا لە خوێندکار بکات زیاتر گرنگی بەوانەکەیان بدەن و گەشە بیرکردنەوەی دوور مەودایان بدات.

3- ئەم ستراتیجییەتانە وا لە فێرخوازان دەکات کە بەبێ ترس و دڵەڕاوکێ بیروڕاکانیان دەربڕن و بەشێوەیەکی چالاك بەشداری لەوانەکەدا بکەن و گەشە بە بیر و بیرۆکەکانیان

دەدات لەسەر بابەتی مێژوو، چونکە خوودی خوێندکار بیردەکاتەوە و بیروڕاکان دەردەبڕێت.

**1-4- ئامانجی توێژینەوە (هدف البحث):**

" زانینی کاریگەریی بەکارهێنانی ستراتیجییەتی چالاککەرەوە درکییەکان و ڕێکخراوە پێشکەوتووەکان لەسەر دەستکەوت لای خوێندکارانی قۆناغی دووەمی بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان".

**1-5- گریمانەی توێژینەوە (فرضيات البحث)**

جیاوازی ماناداری ئاماری نییە لەئاستی (0.05) لەنێوان ناوەندە نمرەی گروپی ئەزموونی یەکەم (ستراتیژی چالاککەرەوە درکییەکان) وانەیان پێدەوترێتەوە ، لەگەڵ ناوەندە نمرەی فێرخوازانی گروپی ئەزموونی دووەم کە بە (ستراتیژی ڕێکخراوە پێشکەوتووەکان) وانەیان پێدەوترێتەوە، لەگەڵ ناوەندە نمرەی فێرخوازانی گروپی کۆنترۆڵکراو کە بە (ستراتیژی ئاسایی)وانەیان پێدەوترێتەوە لە تاقیکردنەوەی دەستکەوت.

**1-6- سنووری توێژینەوە (حدود البحث)**

- سنووری مرۆیی: فێرخوازانی قۆناغی دووەم بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان.

- سنووری کات : سمستەری چوارەم بۆ ساڵی خوێندنی 2021-2022.

- سنووری بابەت: بابەتی مێژووی کورد لە سەدەکانی ناوەڕاست لە قۆناغی دووەم (سمستەری چوارەم) بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان.

- سنووری جوگرافی: زانکۆی گەرمیان/کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت/بەشی زانستە کۆمەڵایەتیەکان .

**1-7- پێناسەی دەستەواژەکان (تحديد المصطلحات)**

یەکەم: ستراتیجییەتی وانەوتنەوە (استراتيجي التدريس)

- آل عويد (2008) : بریتیە لە هونەری بەکارهێنانی پلانێکی ڕێکخراو بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەکی دیاریکراو (ال عويد ، 2008 ، ص21)

- پێناسەی ڕێکاری (ستراتیژیەتی وانەوتنەوە) :- بریتییە لە کۆمەڵە ڕێکار و پلانێك سەبارەت بە وانەوتنەوە کە فراوانترە لە ڕێگا و شێواز و دادەنرێت بۆ کۆی پرۆسەی وانەوتنەوە وەك چەترێك وایە.

دووەم: ستراتیجییەتی چالاککەرەوە درکییەکان (استراتيجي المنشطات الادراكية)

- (ابراهيم، 1982): بریتییە لەو چالاکییانەی کە لەلایەن مامۆستا یان فێرخوازانەوە ئەنجام دەدرێن، یان هەردووکیان پێکەوە بەمەبەستی فێرکردنی زانست جا ئە چالاکیانە لەناو یان دەرەوەی پۆل (ابراهيم،1982، ص194).

- پێناسەی ڕێکاری (ستراتیژیەتی چالاککەرەوە درکییەکان): بریتیە لەو ستراتیژییەتەی مامۆستا بەهاوبەشی لەگەڵ فێرخوازان دەیگرێتەبەر بۆ خستنەڕووی بابەتی وانەکە بەشێوازیکی ڕێك و پلانبۆدانراو.

سێیەم: ستراتیجییەتی ڕێکخراوە پێشکەوتووەکان (استراتيجي المنمات المتقدمة)

- (الطقاطعة، 2017): بریتییە لەو ستراتیجییەی کە مامۆستا لەسەرەتای وانەکەوە دەیگرێتەبەر بەخستنەڕووی کورتەیەك لەسەر وانەکە بەمەبەستی ئاسانکاری بۆ پرۆسەی وانەوتنەوەکە و ئەو چەمکانەی پەیوەستن بەبابەتەکەوە و کەمکردنەوەی بۆشایی نێوان ئەو زانیاریانەی فێرخواز دەیزانێت (الطقاطعة، 2017، ص9).

- پێناسەی ڕێکاری (ستراتیجییەتی وانەوتنەوە): بریتییە لەو ستراتیجییەتەی مامۆستا و فێرخوازان پێکەوە بەهاوبەشی دەیگرنەبەر بۆ خستنەڕووی بابەتی وانەکە بەشێوەیەکی ڕێکخراو کە سەرنجی فێرخوازەکانی بۆ کەمەند کێش بکات.

چوارەم: دەستکەوت (التحصيل)

- نوفل واخرون (2007):- کۆمەڵێك چەمك و دەستەواژە و لێهاتوییە کۆدەبێتەوە لای قوتابی لە ئەنجامی ئەزموونەوە، وەك ئەو نمرەیەی قوتابی لە تاقیکردنەوەی دەستکەوت بەدەستی دەهێنێت (نوفل واخرون،2007 ، ل97).

- پێناسەی ڕێکاری (دەستکەوت): ئەو زانیاریانەن کە فێرخوازانی نموونەی توێژینەوە وەریدەگرن لەبابەتی مێژووی کورد لەسەدەکانی ناوەڕاستدا، کە لەماوەی ئەزمووندا دەیخوێنن لە بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان و بەنمرەی ئەو تاقیکردنەوەیە دەپێورێت کە بۆ مەبەستی دەستکەوت ئامادە کراوە.

## 2 بەشی دووەم/ چوارچێوەی توێژینەوە (الاطار النظري)

**2-1- ستراتیجیی چالاککەرەوە درکییەکان (استراتيجي المنشطات الادراكية)**

بەهۆی ئەو فراوانبوونەی بواری تەکنیکی گەیاندنی زانیاری لەڕۆژگاری ئەمڕۆماندا گۆڕانکارییە جۆراو جۆر و خێراکانی بواری مەعریفی لەنێو پەروەردەدا، کە ئامانج لێی پەرەپێدانی تواناکانی فێرخوازانە لەڕووی چۆنیەتی فێربوون بەدەستهێنانی زانیاری، هەر بۆیە ستراتیجی چالاککەرەوە درکییەکان دەرکەوت بەدیاریکردنی ئەو وشەو زاراوانەی کە دیاریدەکرێت بۆ فێرخوازان بە تۆخ کردنەوە یان بە ڕەگاوڕەنگی، ئەمەش وا لەفێرخوازان دەکات گرنگی بەبابەتەکە بدەن و هەڵی بیرهاتنەوەی زانیارییەکانیان بدەن بەشێوەیەکی ورد (صخي، 2010، ص8).

چالاککەرەوە درکییەکان ئەو ئەو هاندەرە دەروونیانەن کە پشت بە هێماو وێنە و زمان دەبەستن بۆ ئاسانکاری پرۆسەی فێربوون، ئەم ستراتیجییەتە لە لە تیۆری مەعریفیەوە سەرچاوەی گرتووە، کە پێی وایە فێرخواز کەسێکی چالاکە و خاوەنی کۆمەڵێك توانستە، وەك (توانای ڕێکخستن و هەماهەنگی لەنێوان زانیارییەکان و بەستنەوەی بەو زانیاریانەی کە لەیادگەیدا هەڵگیراون) بۆ دروستکردنی بیرۆکە و زانیاری نوێ (فتلاوي، 2014، ص21).

ستراتیجی چالاککەرەوە درکییەکان ئەو مانا هەستیارو کاریگەرەی هەیە کە وەك پاڵنەر بۆ فێرخوازان بەکاردەهێنرێت، لەکاتی وانەوتنەوەدا بەئامانجی فێربوون ئازادی تەواو بەفێرخوازان دەبەخشێت بۆ زیاتر تێگەیشتن بەرەو پێشبردنی پرۆسەی فێربوون (عبدالامير، 2009، ص300).

جۆرەکانی چالاککەرەوە درکییەکان

چالاککەرەوە درکییەکان دەکرێتە دووجۆری سەرەکییەوە:

1- شێوازی چالاککەرەوەی پرۆسەی ژێری ڕێکخراو: ئەو شێوازە پەروەردەییەیە کەپشت بە مامۆستا (گەشەپێدەری پرۆگرام، دیزاینەری فێرکاری) دەبەستێت و گەورەترین بەرپرسیارییەتی دەخاتە ئەستۆی خۆی بۆ یارمەتیدانی

فێرخوازان بۆ گەیشتن بە ئامانجە خوازراوەکان، لەم شێوازەدا مامۆستا ئەو چالاککەرەوەیە هەڵدەبژێرێت و بەکاردەهێنێ کە بەگونجاوی دەزانێ، پاش ئامادەکردن و پێشکەشکردنی بەفێرخوازان، هانیان دەدات بۆ خوێندنەوەی و بەکارهێنانیان لە دۆخی پەروەردەیدا (فتلاوي، 2014، ص37).

2- شێوازی چالاککەرەوەی پرۆسەی ژیری جیاجیا: لەم شێوازەدا مامۆستا ڕێنمای دەداتە فێرخوازان و هانیاندەدات بۆ بیرکردنەوە و وەرگرتنی زانیاری بەشێوەی (چالاك) بۆ گەیشتن بە ئامانجە پەروەردەییەکان (دەروزة، 2007، ص223).

ئەم شێوازە دابەشدەکرێت بەسەر دوو بەشدا، ئەوانیش بریتین لە:

أ- چالاککەرەوەکانی پرۆسەی ژیری جیاجیای دیاریکراو: لێرەدا دواوا لەفێرخوازان دەکرێت بیر لەوەرگرتنی ئەو چالاککەرەوانە بکاتەوە کە مامۆستا پێشنیازیکردووە، وەك بیرکردنەوە لەو پرسیارە پەروەردەیانەی مامۆستا خستوویەتیە ڕوو لەسەر بابەتەکەو پاشان وەڵامیان بداتەوە.

ب-چالاککەرەوەکانی پرۆسەی ژیری جیاجیای دیارینەکراو: لەم شێوازەدا فێرخوازان ئازاد دەکرێن بۆ بەکارهێنانی ئەو چالاککەرەوانەی کە بەگونجاوی دەزانن بۆ زیاترتێگەیشتنیان لەبابەتەکە بەبێ ئەوەی پێشوەختە لەلایەن مامۆستاوە دیاریکرابێت (العفون، وقحطان، 2010، ص76-77).

2-2- ستراتیجی ڕێکخراوە پێشکەوتووەکان (استراتيجي المنمات المتقدمة)

ستراتیجی ڕێکخراوە پێشکەوتووەکان لەسەر تیۆری ئۆزبێڵ بنیات نراوە و ڕێگایەکە لەسەر بنەمای ڕێکخستن دامەزراوە بۆ بۆ فێربوونی زانیارییەکان ببون بەبەشێك لە پێکهاتەی مەعریفی فێرخواز، زۆر جار پێش زانیاریدان لەسەر بابەتەکە ئەم ڕێکخستنە بەکاردەهێنرێت، ئۆزبێڵ لەتیۆرەکەیدا جەخت لەسەر چۆنیەتی وەرگرتنی زانیارییەکان و بەکارهێنانەوەی ئەو زانیارییانە دەکاتەوە، بۆ ئەوەی فێربوون مانادار بێت دوو شت پێویستە: یەکەم: ئەو زانیارییانەی کە بە فێرخواز دەدرێت پێویستە بەشێوەیەکی ڕێکخراوبێت، دەرفەتی بەشداریکردن بەهەموو فێرخوازان بدرێت هەلومەرجی گونجاوی بۆ دروستبکرێت بۆ بەستنەوەی زانیاریەکانی بەیەکەوە لە پێکهاتەی مێشکی خۆیدا (عطية، 2008، ص87).

ئەم ستراتیجییە یەکێکە لە دانراوەکانی تیۆری ئۆزبێڵ لەبواری پەروەردەدا کە لەبنەڕەتدا تیۆری ئۆزبێڵ پشت بەگریمانەیەکی گرنگ دەبەستێت ئەویش بریتییە لە بڕی ئەو زانیارییانەی ئێستا فێرخواز هەیەتی، ڕوونی و ڕێکخستنی ئەو زانیاریانە دەبێتە پێکهێنەری ڕاستی، واتە ئەو زانیاری و داتایانەی لای فێرخوازانن وەك کەرەستەیەکی خاوە لەئێستادا و پاشان دەبێتە بنەمای مەعریفی (ابوجادو، 2000، ص363).

ئۆزبێڵ پێی وایە لەڕێگەی ئەم ستراتیجییەوە کە بەشێوەیەکە مامۆستا بابەتەکە بەکورتی بەفێرخوازەکان دەناسێنێت لەسەرەتای وانەکەوە، ئەوەش بۆ کەمکردنەوەی ئەو بۆشاییەی لەنێوان ئەوزانیاریانەی کە پێشتر هەیبووە لەگەڵ ئەو زانیارییانەی کە پێویستە بیزانێت (مرعي، حيلة، 2011، ص49).

ڕێکخراوە پێشکەوتووەکان دەرفەتێکی باشە بۆ ڕەچاوکردنی جیاوازی تاکایەتی لەنێوان فێرخوازاندا بەوەی کە لەڕێگەی وێنەو ڤیدیۆوە بابەتەکە پێشکەشی فێرخوازان بکەیت و بەمەش بۆ فێرخوازی نابیست دەرفەتێکی گونجاوە (علي، 2011، ص171).

1-3- دەستکەوت (التحصيل)

بریتییە لە ئاستێکی دیاریکراو یان لێهاتویی لە کاری خوێندنگەدا کە لەلایەن مامۆستایانەوە دەپێورێت، بە تاقیکردنەوەیەکی دیاریکراو لە کۆتای وەرز یان ماوەی خوێندنێکی دیاریکراو، دوای دەرژوونی فێرخواز لەتاقیکردنەوەکە بەسەرکەوتویی، فێرخواز لە قۆناغی بەکەمی خوێندنگەدا فێربوون و بەدەستهێنانی لێهاتویی قبوڵ دەکات، هەروەها کێبڕکێی هاوپۆلەکانی دەکات بۆ ئەوەی لەباشترین ئاستدابێت، جگە لەوەش داییابی فێرخوازان هانی منداڵەکانیان دەدەن و ڕۆڵ دەبینن بۆ بەرزکردنەوەی دەستکەوتی منداڵە فێرخوازەکانیان (حمودي، 2010، ص180).

ئەو بڕە زانیاری و لێهاتوییەی تاك لە ئەنجامی ڕاهێنان و تێپەڕبوون بە ئەزموونەکانی پێشوویدا بەدەستیهێناوە ناو دەبرێت بە دەستکەوتی ئەو تاکەکەسە، زۆر جار ئاماژەدان بەدەستکەوت بەمانای دەستکەوتی ئەکادیمی دێت، کەواتە هەموو ئەنجامێك دەگرێتەوە کە فێرخواز بەدەستیدەهێنێت لە بابەتە جیاوازەکانی خوێندنگەدا، کە لەڕێگەی نمرەی تاقیکردنەوەوە بڕەکەی دەپێورێت (سعيد، 2012، ص51).

جۆرەکانی دەستکەوتی خوێندن

دەستکەوتی خوێندن دەکرێتە دوو جۆری سەرەکییەوە ئەوانیش:

یەکەم: دەستکەوتی ئەکادیمی باش: ئەو دەستکەوتەیە کە فێرخوازان نمرەیەکی بەرزیان لە تاقیکردنەوەی تایبەتمەند بەدەستهێناوە، واتە فێرخوازان گەیشتونەتە ئاستێکی بەرزی دەستکەوت، ئەو ئاستەیە کە خوێندنگە هەوڵی بۆ دەدات کاردەکات لەپێناو خستنەڕووی زۆرترین زانیاری، بەدەستهێنانی دەستکەوتی گەورە لە ژینگەیەکی گونجاودا.

دووەم: دەستکەوتی ئەکادیمی خراپ: لە دۆخی ناتەواوی خوێندنگەوە دروست دەبێت بەهۆی نەگونجاوی ژینگەو هەڵنەمژینی زانیارییەکان لەلایەن فێرخوازان و کاریگەری ئابوری و کۆمەڵایەتی لەسەر فێرخوازان وایکردووە کە فێرخوازان لاواز و بێ توانا دەربکەون لە بەرامبەر وەرگرتنی ئەو پرۆگرامەی کە پێشکەشیان دەکرێت، بەمەش ناچار دەکرێن بە دووبارە کردنەوەی ساڵی خوێندن (توفيق، جمعه،2018، ص41).

3- بەشی سێیەم: ڕێکارییەکانی توێژینەوە (اجرءات البحث)

1-3- میتۆدی توێژینەوە (منهجية البحث)

لەم توێژینەوەیدا میتۆدی نیمچە ئەزموونی بەکارهێنراوە، لەبەر گونجاوی لەگەڵ ڕێکارییەکانی توێژینەوەکە.

2-3 دیزاینی توێژینەوە (التصميم التجريبي)

توێژەر لە توێژینەوەکەیدا پشتی بەو دیزایینە بەست کە پێی دەوترێت دیزایینی ئەزموونگەری گروپی هاوسەنگ بە تاقیکردنەوەی پێشی و پاشی (فان دالين،2007 ، ل303-304)، کە لە سێ گروپ پێکدێت گروپی ئەزموونی یەکەم و گروپی ئەزموونی دووەم و گروپی کۆنترۆڵکراو، گروپی ئەزموونی یەکەم بەپێی ستراتیجییەتی چالاککەرەوە درکییەکان بابەت وەردەگرن و گروپی ئەزموونی دووەم بەپێی ستراتیجییەتی ڕێکخراوە پێشکەوتووەکان بابەت وەردەگرن، گروپی کۆنترۆڵکراویش هەمان بابەت بە ڕێگەی

ئاسایی وەردەگرن، بە تاقیکردنەوەی پێشی و پاشی بۆ گۆڕاوی بیرکردنەوەی دوور مەودا و بە تاقیکردنەوەی پاشی بۆ گۆڕاوی دەستکەوتی خوێندن. بڕوانە خشتەی ژمارە (1).

خشتەی ژمارە (1) دیزاینی ئەزموونی توێژینەوە

| گروپ | تاقیکردنەوەی پێشی | ستراتیجییەتی وانەگوتنەوە | تاقیکردنەوەی پاشی |
|---|---|---|---|
| ئەزموونی یەکەم | پێشینەی زانیاری | ستراتیجییەتی چالاککەرەوە درکییەکان | تاقیکردنەوەی دەستکەوت |
| ئەزموونی دووەم | | ستراتیجییەتی ڕێکخراوە پێشکەوتووەکان | |
| ئەزموونی سێیەم | | ڕێگای ئاسایی | |

3-2- کۆمەڵگە و نمونەی توێژینەوە (مجتمع وعينة البحث)

3-3-1- کۆمەڵگەی توێژینەوە (مجتمع البحث)

کۆمەڵگای توێژینەوەکە بریتییە لە هەموو فێرخوازانی بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکانی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی گەرمیان کە ژمارەیان بریتییە لە (131) فێرخواز لە (4) قۆناغ بۆ ساڵی خوێندنی (2021 – 2022).

خشتەی ژمارە (2) ژمارەی فێرخوازانی کۆمەڵگای توێژینەوەکە

| قۆناغ | ژمارەی فێرخواز |
|---|---|
| یەکەم | 35 |
| دووەم | 62 |
| سێیەم | 16 |
| چوارەم | 18 |
| کۆی گشتی | 131 |

3-3-2- نمونەی توێژینەوە (عينة البحث)

نمونە بەشێکە لەو گۆمەڵگایەی کە توێژینەوەکەی لەسەر ئەنجامدەدرێت و بەپێی چەند ڕێسایەکی تایبەت هەڵدەبژێرێت بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی دروست نوێنەرایەتی کۆمەڵگاکە بکات (داود و عبدالرحمن، 1990 ، ل119) توێژەر فێرخوازانی قۆناغی دووەمی بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکانی هەڵبژارد بۆ نمونەی توێژینەوەکەی، دوای وردبونەوە لە ژمارەی فێرخوازانی قۆناغەکانی بەشەکە توێژەر بۆی دەرکەوت کە فێرخوازانی قۆناغی دووەم ژمارەیان گونجاوە بۆ ئەوەی بکرێن بە سێ گرووپ و هەمان بابەتیان لە مێژوو هەیە کە توێژەر ئامادەی کردووە بۆ ماوەی ئەزموونی بڕوانە خشتەی ژمارە (3).

خشتەی ژمارە (3) گروپ و ژمارەی فێرخوازانی نمونەی توێژینەوە

| گروپ | گروپ | ڕێگای وانەوتنەوە | ژمارەی فێرخواز | ژمارەی فێرخواز دوورخراو | ژمارەی کۆتایی فێرخوازان |
|---|---|---|---|---|---|
| A | ئەزموونی یەکەم | چالاککەرەوە درکییەکان | 21 | 2 | 19 |
| B | ئەزموونی دووەم | ڕێکخراوە پێشکەوتووەکان | 19 | 0 | 19 |
| C | کۆنترۆڵکراو | ڕێگای ئاسایی | 22 | 3 | 19 |
| کۆ | | | 62 | 5 | 57 |

3-4 هاوسەنگی هەرسێ گروپی توێژینەوە (تكافؤء المجموعات البحث الثلاث)

پێویستە توێژەر هەرسێ گروپ (ئەزموونی یەکەم، ئەزموونی دووەم، کۆنترۆڵکراو) هاوسەنگ بکات لە چەند گۆڕاوێکی پەیوەندیداردا، هەر بۆ ئەم مەبەستە توێژەر هەرسێ گروپەکەی هاوسەنگ کرد لە گۆڕاوەکانی (تەمەن، زیرەکی، ئاستی خوێندەواری باوکی فێرخوازان، ئاستی خوێندەواری دایکی فێرخوازان، نمرەی بابەتی مێژووی سیمستەری ڕابردووی فێرخوازان).

**3-3- تاقیکردنەوەی دەستکەوت (الاختبار التحصيل)**

توێژەر ئامانجە ڕەفتاریەکان و تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندنی ئامادەکرد، ئامانجە ڕەفتاریەکان ژمارەیان (65) ئامانجە بە پێی (6) ئاست لە پۆلێنەکەی بلوم (ناسینەوە، تێگەیشتن، جێبەجێکردن، شیکردنەوە، پێکهێنان، هەڵسەنگاندن)، کە (23) ئامانجیان لە ئاستی ناسینەوە و (14) ئامانجیان لە ئاستی تێگەیشتن و (8) ئامانجیان لە ئاستی جێبەجێکردنە، (9) ئامانجیان لە ئاستی شیکردنەوە و (7) ئامانجیان لە ئاستی پێکهێنان و (4) ئامانجیان لە ئاستی هەڵسەنگاندن، تاقیکردنەوەی دەستکەوتیش پێکهاتووە لە (1) جۆری پرسیار ئەویش پرسیاری هەڵبژاردن لە چەند دانەیەك

و بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە بریتییە لە (40) چل بڕگە، بۆ هەر بڕگەیەکیش (4) چوار جێگرەوە (بەدائل) دانراوە.

**3-4- ڕاستێتی تاقیکردنەوەکە (ڕاستێتی ڕوکەشی) (صدق الظاهري)**

دەتوانرێت هەڵسەنگاندنی نمرەی ڕاستگۆیی ڕوکەشی بۆ تاقیکردنەوەکە بکرێت لە ماوەی گونجاندن لەنێوان بۆ چوونی هەڵسەنگێنەران (عودە، 1999 ، ل370)، بەمەبەستی دەرهێنانی ڕاستگۆیی تاقیکردنەوەکە، توێژەر تاقیکردنەوەکەی خستە بەردەستی کۆمەڵێك پسپۆر و شارەزای بواری مێژووی ئیسلامی و ڕێگاکانی وانەوتنەوە و پێوانە و هەڵسەنگاندن، پاشکۆی ژمارە (1)، بەمەبەستی زانینی ڕا و بۆچون و ڕێنماییەکانیان بەمەبەستی گونجاوی بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە بۆ فێرخوازانی زانکۆ، پاش گەڕاندنەوەی تاقیکردنەوەکە و بەکارهێنانی هاوکێشەی (جی کۆپەر – J.Cooper) و پشت بەستن بە ڕێژەی ڕازیبوونی (80%) و زیاتری حوکمدەران بۆ هەر بڕگەیەك، دوای ئەوەی ڕێژەی ڕازیبوونی هەر بڕگەیەکی تاقیکردنەوەکە دەرهێنرا دەرکەوت هەموو بڕگەکان ئەو ڕێژەیە و زیاتریان بەدەستهێنا و پەسەندکران، بەم شێوەیە ڕاستگۆیی تاقیکردنەوەکە دەرهێنرا.

**3-5- جێگیری تاقیکردنەوەکە (ثبات الاختبار)**

مەبەست لە جێگیری وردی تاقیکردنەوەکەیە، ئەگەر هات و پێوەرەکە بەسەر کۆمەڵێك کەسدا دابەشکرا و وەڵامیان دایەوە، پاش ماوەیەکی تر هەمان پێوەر بخرێتە بەردەستی هەمان کۆمەڵە کەس و لە بارودۆخێکی هاوشێوەدا کۆمەڵە کەسەکە هەمان وەڵامیان دایەوە ئەوە پێوەرەکە بە جێگیر دادەنرێت (عبدالرحمن ، 2008 ، ل177).

توێژەر جێگیری تاقیکردنەوەکەی دەرهێنا لە ڕێگەی وەرگرتنی نمونەیەك دوور لە نمونەی سەرەکی توێژینەوەکە، بەشێوەی تاقیکردنەوە و دووبارە تاقیکردنەوە (test re test)، کە بریتی بوون لە (30) فێرخواز لەفێرخوازانی بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان/ ئێواران، لە ئەنجامدا جێگیری تاقیکردنەوەکە بەدەستهات بە ئاستی (0.86) بەپێی هاوکۆلکەی ئاماری پێرسۆن.

**3-7- ئامادەکردنی خشتەی تایبەتمەندی (جدول الموصفات)**

ئامادەکردنی خشتەی تایبەتمەندی تاقیکردنەوە ڕێکارێکی گرنگە لە ئامادەکردنی پرسیارەکانی تاقیکردنەوە، چونکە گرنگی ناوەڕۆك و گرنگی ئامانجە ڕەفتارییەکان ڕەچاودەکات، کە ئەمەش وادەکات دەستەواژەکانی تاقیکردنەوە بەپێی گرنگی ئەم دوو لایەنە دابەش بکرێن (الكبيسي، 2007، ص141).

توێژەر خشتەی تایبەتمەندی (نەخشەی تاقیکردنەوە) ڕێکخست، بڕوانە خشتەی ژمارە (4).

خشتەی ژمارە (4) خشتەی تایبەتمەندی

| بابەت | ژمارەی لاپەڕە | گرنگی ناوەڕۆک | ڕێژەی گرنگی ئامانجی ڕەفتاری | | | | | | کۆی ئامانجەکان | کۆی پرسیارەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | بیرهاتنەوە | تێگەیشتن | پراکتیك | شیکردنەوە | پێکهێنان | هەڵسەنگاندن | | |
| ئاینەکانی کورد پێش ئیسلام | 11 | ٪17.46 | 3 | 2 | - | 2 | - | - | 7 | 5 |
| کورد و زەردەشتی | 4 | ٪6.34 | 2 | 2 | - | 1 | - | 1 | 6 | 3 |
| کورد و ئێزدی | 7 | ٪11.11 | 2 | 1 | - | 1 | - | - | 4 | 1 |
| کورد و ئاینی ئیسلام | 5 | ٪7.93 | 4 | 2 | - | - | 1 | 1 | 8 | 4 |
| شوێنی نیشتەجێبوونی کورد | 11 | 17.46 | 3 | - | 3 | 1 | - | - | 7 | 6 |
| هاتنی سوپای ئیسلامی | 20 | 31.74 | 10 | 4 | 5 | 4 | 3 | 3 | 29 | 19 |
| کورد لەسەردەمی ئومەوی | 5 | ٪7.93 | - | 2 | - | 1 | - | 1 | 4 | 2 |
| کۆ | 63 | ٪100 | 23 | 14 | 8 | 9 | 7 | 4 | 65 | 40 |

**3-9- ئاستی گرانی (معامل الصعوبة)**

بۆ دەرهێنانی ئاستی گرانی هەر بڕگەیەکی تاقیکردنەوەکە، توێژەر هاوکێشەی ئاستی گرانی بەکارهێنا و لەئەنجامدا دەرکەوت کە ئاستی بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە دەکەوێتە نێوان (0.30 – 0.50) بەتێکڕا دەکاتە (0.38)، کە ئەمەش بە گونجاو دادەنرێت ئەگەی ئاستی گرانی بڕکەی تاقیکردنەوە بکەوێتە نێوان (0.30 - 0.70) (نبهان، 2004، ص179).

**3-10- هێزی جیاکەرەوە (معامل التميز)**

مەبەست لە هێزی جیاکەرەوەی بڕگە ئەوەیە کە بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە بتوانێ جیاوازی بکات لەنێوان فێرخوازانی کۆمەڵەی بەرز و فێرخوازانی کۆمەڵەی نزم، توێژەر هێزی جیاکەرەوەی بڕگەکانی دەرهێنا، لە ئەنجامدا دەرکەوت هێزی جیاکەرەوەی بڕگەکان دەکەوێتە نێوان (0.33 – 0.40) کە ئەمەش بەگونجاو دادەنرێت (اللإمام واخرون، 1990، ص119).

3-11- کارایی جێگرەوەی هەڵە (معامل البدائل الخاطئة)

مەبەست لە کارایی جێگرەوە هەڵەکان ئەوەیە کە وەڵامە هەڵەکان سەرنجڕاکێش بن، دەبێت بەپێچەوانەی هێزی

جیاکەرەوەی برگەبێت بەوەی فێرخوازانی کۆمەڵەی نزم زۆرتر وەڵامە هەڵەکانیان هەڵبژاردبێت بەراورد بە فێرخوازانی کۆمەڵەی بەرز، ئەگەر بەپێچەوانەوە بوو دەبێت جێگرەوەکان بگۆڕدرێت یان دەستکاری بکرێت (عودة، 1999، ص291)

بۆ زانینی کارایی جێگرەوە هەڵەکان توێژەر ژمارەی فێرخوازانی کۆمەڵەی بەرز کە وەڵامی هەڵەیان هەڵبژاردوە ژمارد لەگەڵ ئەو فێرخوازانەی کە وەڵامی هەڵەیان هەڵبژاردووە لە کۆمەڵەی نزم، لە ئەنجامدا بۆی دەرکەوت ژمارەی ئەو فێرخوانەی وەڵامی هەڵەیان هەڵبژاردوە لەکۆمەڵەی نزم زۆرترن بەراورد بە کۆمەڵەی بەرز، ئەنجام بە (نێگەتیڤ) سالب دەرچووە کە ئەمەش منای ئەوەیە هەموو جێگرەوەکان کاران.

بەشی چوارەم: خستنەڕوو و شیکردنەوەی ئەنجامەکان (عرض النتائج وتفسيرها)

لەم بەشەدا ئەنجام و شیکردنەوەی توێژینەوەکە دەخرێتەڕوو:

**1-4- خستنەڕووی ئەنجامەکان (عرض النتائج)**

توێژەر ئەنجامی توێژینەوەکەی دەخاتەڕوو لەڕێگەی سەلماندنی گریمانەی سەرەکی و لقەکانییەوە بەم شێوەی لای خوارەوە:

گریمانەی یەکەم: جیاوازی مانادراری ئاماری نییە لەئاستی (0.05) لەنێوان ناوەندە نمرەی گروپی ئەزموونی یەکەم کە بە (ستراتیجی چالاککەرەوە درکییەکان) وانەیان پێدەوترێتەوە ، لەگەڵ ناوەندە نمرەی فێرخوازانی گروپی ئەزموونی دووەم کە بە (ستراتیجی ڕێکخراوە پێشکەوتووەکان) وانەیان پێدەوترێتەوە، لەگەڵ ناوەندە نمرەی فێرخوازانی گروپی کۆنترۆڵکراو کە بە (ڕێگای ئاسایی) وانەیان پێدەوترێتەوە لە تاقیکردنەوەی دەستکەوت. توێژەر ناوەندەژمێری و لادانی پێوانەیی بۆ نمرەکانی هەرسێ گروپ دەرهێنا، بڕوانە خشتەی ژمارە (5)

خشتەی ژمارە (5) ناوەندەژمێری و لادانی پێوانەیی تاقیکردنەوەی دەستکەوت

| گروپ | ژمارەی فێرخواز | ناوەندەژمێری | لادانی پێوانەیی |
|---|---|---|---|
| ئەزموونی یەکەم | 19 | 33.894 | 1.629 |
| ئەزموونی دووەم | 19 | 31.894 | 1.940 |
| کۆنترۆڵکراو | 19 | 27.103 | 2.903 |

بۆ سەلماندنی ئەم گریمانەیە توێژەر تاقیکردنەوەی شیکردنەوەی جیاوازی یەك لای بەکارهێنا بۆ ناوەندەژمێرییەکان، بڕوانە خشتەی ژمارە (6)

خشتەی ژمارە (6) ئەنجامی شیکردنەوەی جیاوازی نرخی (فای - F) بۆ گروپەکان لە تاقیکردنەوەی دەستکەوت

| سەرچاوەی جیاوازی | نمرەی ئازاد | کۆی چوار گۆشەکان | ناوندی کۆی چوارگۆشەکان | نرخی F | | بەڵگەداری لەئاستی 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | دەرهێنراو | خشتەیی | |
| لە نێوان گروپەکاندا | 2 | 462.561 | 231.280 | 46.711 | 3.168 | ماناداره |
| لە نێو گروپەکاندا | 54 | 267.368 | 4.951 | | | |
| کۆ | 56 | 729.929 | | | | |

لەئەنجامدا دیارە کە نرخی (فای - F) دەرهێنراو کە (46.711)ە، گەورەترە لە نرخی خشتەیی (3.168) لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) بە پلەی ئازادی (2، 54)، ئەمەش مانای ئەوە ئەگەیەنێت کە جیاوازی مانداری ئاماری هەیە لەنێوان ناوەندە نمرەی هەرسێ گروپی توێژینەوە لە تاقیکردنەوەی دەستکەوت، واتە گریمانەی سەرەکی یەکەم ڕەت دەکرێتەوە و گریمانەی جێگرەوە پەسەند دەکرێت.

بۆ سەلماندنی هەر سێ گریمانەی لقی سەربە گریمانەی سەرەکی، توێژەر تاقیکردنەوەی شێفیەی بەکارهێنا بۆ بەراوردکردنی گروپەکان بەیەکتری، بەم شێوەی لای خوارەوە:

گریمانەی لقی یەکەم: جیاوازی مانداری ئاماری نییە لەئاستی (0.05) لەنێوان ناوەندە نمرەی گروپی ئەزموونی یەکەم کە بە (ستراتیجی چالاککەرەوە درکییەکان) وانەیان پێدەوترێتەوە، لەگەڵ ناوەندە نمرەی فێرخوازانی گروپی ئەزموونی دووەم کە بە (ستراتیجی ڕێکخراوە پێشکەوتووەکان) وانەیان پێدەوترێتەوە، لە تاقیکردنەوەی دەستکەوت.

خشتەی ژمارە (7) ئەنجامی تاقیکردنەوەی شێفیە بۆ بەراوردی ناوەندەنمرەی هەردوو گروپی ئەزموونی یەکەم و ئەزموونی دووەم لە تاقیکردنەوەی دەستکەوت

| گۆڕاو | گروپ | نمونە | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوانەیی | نرخی شێفیە | | بەڵگەداری لەئاستی 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | دەرهێنراو | خشتەیی | |
| تاقیکردنەوەی پاشی | ئەزموونی یەکەم | 19 | 33.894 | 1.629 | 7.674 | 6.336 | ماناداره |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ئەزموونی دووەم | 19 | 31.894 | 1.940 | | | |

لە خشتەی سەرەوەدا دەردەکەوێت ناوەندە نمرەی گروپی ئەزموونی یەکەم (33.894) و ناوەندە نمرەی گروپی ئەوموونی دووەم (31.894) و نرخی شیفیەی دەرهێنراو (7.674) گەورەترە لە نرخی خشتەیی کە (6.336)ە لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێت کە جیاوازی ماناداری ئاماری هەیە لەنێوان هەردوو گروپی ئەزموونی یەکەم و ئەزموونی دووەم، کەواتە گریمانەی سفری ڕەتدەکرێتەوە کە توێژەر لە سەرەتاوە دایڕشتبوو، گریمانەی جێگرەوە پەسەند دەکرێت.

گریمانەی لقی دووەم: جیاوازی مانادارى ئاماری نییە لەئاستی (0.05) لەنێوان ناوەندە نمرەی گروپی ئەزموونی یەکەم کە بە (ستراتیجی چالاککەرەوە درکییەکان) وانەیان پێدەوترێتەوە، لەگەڵ ناوەندە نمرەی فێرخوازانی گروپی کۆنترۆڵکراو کە بە (ڕێگای ئاسایی) وانەیان پێدەوترێتەوە لە تاقیکردنەوەی دەستکەوت.

خشتەی ژمارە (8) ئەنجامی تاقیکردنەوەی شێفیە بۆ بەراوردی ناوەندەنمرەی هەردوو گروپی ئەزموونی یەکەم و کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی دەستکەوت

| گۆڕاو | گروپ | نمونە | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوانەیی | نرخی شیفیە | | بەڵگەداری لەئاستی 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | دەرهێنراو | خشتەیی | |
| تاقیکردنەوەی پاشی | ئەزموونی یەکەم | 19 | 33.894 | 1.629 | 88.446 | 6.336 | مانادارە |
| | کۆنترۆڵکراو | 19 | 27.103 | 2.903 | | | |

لە خشتەی سەرەوەدا دەردەکەوێت ناوەندە نمرەی گروپی ئەزموونی یەکەم (33.894) و ناوەندە نمرەی گروپی ئەوموونی دووەم (27.103) و نرخی شیفیەی دەرهێنراو (88.446) گەورەترە لە نرخی خشتەیی کە (6.336)ە لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێت کە جیاوازی مانادارى ئاماری هەیە لەنێوان هەردوو گروپی ئەزموونی یەکەم و گروپی کۆنترۆڵکراو لە بەرژوەندی گرووپی ئەزموونی یەکەم، کەواتە گریمانەی سفری ڕەت دەکەینەوە کە توێژەر لە سەرەتاوە دایڕشتبوو، گریمانەی جێگرەوە پەسەند دەکەین.

گریمانەی لقی سێیەم: جیاوازی مانادارى ئاماری نییە لەئاستی (0.05) لەنێوان ناوەندە نمرەی گروپی ئەزموونی دووەم کە بە (ستراتیژی ڕێکخراوە پێشکەوتووەکان) وانەیان پێ دەوترێتەوە، لەگەڵ ناوەندە نمرەی فێرخوازانی گروپی کۆنترۆڵکراو کە بە (ڕێگای ئاسایی) وانەیان پێ دەوترێتەوە لە تاقیکردنەوەی دەستکەوت.

خشتەی ژمارە (9) ئەنجامی تاقیکردنەوەی شێفیە بۆ بەراوردی ناوەندەنمرەی هەردوو گروپی ئەزموونی دووەم و کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی دەستکەوت

| گۆڕاو | گروپ | نمونە | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوانەیی | نرخی شیفیە | | بەڵگەداری لەئاستی 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | دەرهێنراو | خشتەیی | |
| تاقیکردنەوەی پاشی | ئەزموونی دووەم | 19 | 31.894 | 1.940 | 44.013 | 6.336 | مانادارە |
| | کۆنترۆڵکراو | 19 | 27.103 | 2.903 | | | |

لە خشتەی سەرەوەدا دەردەکەوێت ناوەندە نمرەی گروپی ئەزموونی دووەم (31.894) و ناوەندە نمرەی گروپی کۆنترۆڵکراو (27.103) و نرخی شیفیەی دەرهێنراو (44.013) گەورەترە لە نرخی خشتەیی کە (6.336)ە لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێت کە جیاوازی مانادارى ئاماری هەیە لەنێوان هەردوو گروپی ئەزموونی دووەم و کۆنترۆڵکراو لە بەرژوەندی گرووپی ئەزموونی دووەم، کەواتە گریمانەی سفری ڕەت دەگەینەوە کە توێژەر لە سەرەتاوە دایڕشتبوو، گریمانەی جێگرەوە پەسەند دەکەین.

**2-4- شیکردنەوەی ئەنجامەکان (تحليل النتائج)**

لەو ئەنجامانەی لە خشتەکانی (6، 7، 8، 9) خراونەتەڕوو دەردەکەوێت کە:

1) وانەوتنەوەی بابەتی مێژوو بەپێی ستراتیجیەتی چالاککەرەوە درکیەکان کاریگەر و کارایە لە سەر دەستکەوت لای فێرخوازانی بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان بەراورد بە ڕێگای ئاسایی، هەروەها دەستکەوتی خوێندن باشتربووە لای فێرخوازانی گروپی ئەزموونی یەکەم بەراورد بە گروپی ئەزموونی دووەم کە بەپێی ستراتیجییەتی ڕێکخراوەپێشکەوتووەکان بابەتیان وەردەگرت و کۆنترۆڵکراو کە هەمان بابەتیان بەڕێگای ئاسایی وەردەگرت.

بە بۆچوونی توێژەر سەرکەوتنی فێرخوازانی گروپی ئەزموونی یەکەم و بەدەستهێنانی دەستکەوتی باشتر بۆ ئەوە

دەگەڕێتەوە کە ستراتیجییەتی چالاککەرەوە درکییەکان وا لە فێرخوازان دەکات چالاکانە بەشداری وانەکە بکەن و هەمیشە خەریکی دروستکردنی پرسیار و وەڵامدانەوەبن و خۆیان بەشێکی سەرەکی بن لە پرۆسەی وانەگوتنەوە و چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەی دێتە ڕێگەیان، هەروەها ئەم ستراتیجییە وا لەفێرخوازان دەکات بەبێ شەرم و دوو دڵی بەشدارییبکەن لەوانەکە و بینەهۆی ڕونکردنەوە و دروستکردنی کەشێکی گفتوگۆی زانستی لەنێوان فێرخوا ز ماماۆستا و فێرخواز و فێرخواز.

توێژەر بۆی دەرکەوت وانەوتنەوە بە ستراتیجیەتی چالاککەرەوە درکییەکان وادەکات فێرخوازان باشتر بیر لەبابەتە مێژووییەکان بکەنەوە و بەشێوەیەکی وردتر بەراوردی ڕووداوە مێژووییەکان بکەن، بە بۆچوونی توێژەر ئەم ستراتیجییەتە (چالاککەرەوە درکییەکان) وادەکات فێرخوازان بە تامەزرۆییەوە لە بابەتی مێژوو بڕوانن و بتوانن بەشێوەیەکی ڕەخنەگرانە شیکردنەوە بۆ ڕووداوە مێژووییەکان بکەن.

سروشتی ستراتیجییەکە وایە کە هاندەری فێرخوازانە بۆ خستنەڕووی بیرۆکەکانیان و پرسیارکردن و وەڵامدانەوەی پرسیارەکان بە بێ شەرم و دوو دڵی ئەمش هۆکارێکی یارمەتیدەرە بۆ سەرکەوتنی ستراتیجییەتەکە و وایکردووە فێرخوازان بەشداری فراوانیان هەبێت و دەستکەوتی ئەکادیمە گەورە بەدەستبهێنن.

ئەم ستراتیجییەتە وا لەمامۆستا دەکات کە بەگوڕوتینێکی زۆرەوە خۆی ئامادەبکات بۆ وانەکە و بەشێوازێکی پڕ لە وزەوە بابەتەکە بخاتەڕوو بتوانێ سەرنجی فێرخوازەکان بۆلای خۆی و بابەتەکە ڕابکێشێت.

ئەو توێژینەوانەی لە پێشتردا ئەنجامدراون لەسەر ستراتیجییەتی چالاککەرەوە درکییەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ئەم ستراتیجییەتە وا لەفێرخوازان دەکات کە بە بێ ترس و دوودڵی بەشداری وانەکان بکەن بەشێوەیەکی کاراو، یارمەتیدەری فێرخوازانە بۆ ئەوەی لەبابەتی وانەکە بێزار نەبن و دەستکەوتی باش بەدەستبهێنن، لەو توێژینەوانە: (دروزة، 1991)، (عبدالامير، 2009)، (فتلاوي، 2014)، (عبدالرضا، 2014)، (السعداوي، 2016) و زۆرێکی تریش، ئەنجامەکەیان تەبایە لە گەڵ ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە.

2) ئاستی فێرخوازانی گرووپی ئەزموونی دووەم لە بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لەبابەتی مێژوو کە بەپێی ستراتیجییەتی (ڕێکخراوە پێشکەوتووەکان) بابەتیان وەردەگرت، بەرزترە بەراورد بە فێرخوازانی گرووپی کۆنترۆڵکراو کە هەمان بابەتیان بەڕێکای ئاسایی وەردەگرت بەبەرەت بە تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن، بەڵام بەراورد بە گرووپی ئەزموونی یەکەم کە هەمان بابەتیان بەپێی ستراتیجییەتی چالاککەرەوە درکییەکان وەردەگرت کەمترە.

بەبۆچوونی توێژەر سەرکەوتنی فێرخوازانی گرووپی ئەزموونی دووەم بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ستراتیجییەتی ڕێکخراوە پێشکەوتووەکان وادەکات فێرخوازان بەشدارییەکی کارایان هەبێت لەوەنەکاندا و بەبێ ترس بەشداییکەن و خۆیان پرسیار بوروژێنن، هەروەها وا لە مامۆستا دەکات بەشێوەیەکی ورد و ڕێکخراو بابەتەکە ئامادەبکات و بەهاوکاری فێرخوازان بیان خاتەڕوو بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش.

ئەم ستراتیجییەتە بەشێوەیەکی ڕێکخراو زنجیرەیی بابەتەکە ئامادە دەکات و وا دەکات سەرنجی فێرخوازان بۆلای بابەتەکە کەمەندکێش بکات کە ئەوەش دەوری باشی هەیە بۆ ئەوەی فێرخوازان لەبابەتەکە بێزارنەبن و بە شێوەیەکی ورد بیر لەبابەتەکە بکەنەوە.

ئەو توێژینەوانەی لەپێشوتردا ئەنجامدراون لەسەر ستراتیجییەتی ڕێکخراوە پێشکەوتووەکان ئەنجامەکانیان هاوتەبایە لەگەڵ ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە، سەبارەت بە گۆڕاوە پاشکۆکان و سەرکەوتنی گرووپی ئەزموونی، لەوانە: توێژینەوەی (محمود، 2020)، (طقاطعة، 2017)، (فورة، 2015)، (ابومي، 2012).

توێژەرەر بۆی دەرکەوتووە کە ئەم ستراتیجییانەی بەکاریهیناوی گونجاوە بۆ قۆناغی زانکۆ بەتایبەتی بۆ گوتنەوەی بابەتی مێژوو لە بەشی زانستەکۆمەڵایەتییەکان، جێی ئاماژە بۆکردنە ئەنجامەکان لەگەڵ ئەو ئامانجانەی توێژەر دایرشتبوو تەبا و گونجاون.

4-3- دەرەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیاز (الاستنتاج والتوصيات والمقترحات)

**4-3-1- دەرەنجام (الاستنتاج)**

لەدوای تەواوبوونی ماوەی ئەزموونی و لەرێگەی شیکردنەوەی داتاکانەوە توێژەر توانی ئەم ئەنجامانە بەردەست بخات:

1- بەکارهێنانی ستراتیجییەتی چالاککەرەوە درکییەکان وا لەفێرخوازان دەکات زیاتر کارابن و ببنە تەوەری سەرەکی وانەکە.

2- بەکارهێنانی ستراتیجییەتی چالاککەرەوە درکییەکان لە وانەوتنەوەی بابەتی مێژوودا بۆ فێرخوازانی زانکۆ کاریگەری کارا و بەرچاوی هەیە لەسەر دەستکەوتی فێرخوازان بەراورد بە ستراتیجییەتی ڕێکخراوە پێشکەوتووەکان و ڕێگەی ئاسایی.

4- بەکارهێنانی ستراتیجییەتی ڕێکخراوە پێشکەوتووەکان وا لەفێرخوازان دەکات زیاتر کارابن و ببنە تەوەری سەرەکی وانەکە بەشداری زۆر و چالاکی زۆرتر ئەنجامبدەن.

5- بەکارهێنانی ستراتیجییەتی ڕێکخراوە پێشکەوتووەکان لە وانەوتنەوەی بابەتی مێژوودا بۆ فێرخوازانی زانکۆ کاریگەری کارا و بەرچاوی هەیە لەسەر دەستکەوتی فێرخوازان بەراورد بە ستراتیجییەتی چالاککەرەوە درکییەکان و ڕێگەی ئاسایی.

**4-3-2- ڕاسپاردە (التوصيات)**

لەدوای خستنەڕوو و ڕوونکردنەوەی ئەنجامەکان، توێژەر ڕاسپاردەی ئەم خاڵانەی لای خوارەوە دەکات:

1- پێویستە ئەو مامۆستایانەی وانەی بابەتە مێژووییەکان دەڵێنەوە ڕابهێنرێن لە سەر ستراتیجییەتەکانی چالاککەرەوە درکییەکان و ڕێکخراوە پێشکەوتووەکان لەرێگەی خول و ڕاهێنانەوە.

2- پێویستە مامۆستایانی بابەتە مێژووییەکان ستراتیجییەتەکانی چالاککەرەوە درکییەکان و ڕێکخراوە پێشکەوتووەکان بەکاربهێنن بۆ گوتنەوەی بابەتی مێژوو لەهەموو ئەو قۆناغانەی زانکۆ کە بابەتی مێژوویان هەیە.

3- داواکردن لە سەرۆکی ئەو بەشە زانستیانەی کە باباتی مێژوو دەخوێنن لە زانکۆکاندا بۆ هاندانی مامۆستای بابەتی

مێژوو کە هەردوو ستراتیجییەتەکانی چالاککەرەوە درکییەکان و ڕێکخراوە پێشکەوتووەکان بەکاربهێنن بۆ گوتنەوەی بابەتی مێژوو.

## 4-3-3- پێشنیاز (المقترحات)

توێژەر پێشنیاز دەکات لە دوارۆژدا ئەم ناونیشانانەی خوارەوە توێژینەوەیان لەسەر بکرێت:

1- کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیجییەتەکانی چالاککەرەوە درکییەکان و ڕێکخراوە پێشکەوتووەکان لە بەدەستهێنانی دەستکەوتی فێرخوازانی زانکۆ و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە لە بابەتی مێژوو.

2- کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیجییەتی چالاککەرەوە درکییەکان لەسەر دەستکەوت و هەندێك گۆڕاوی تری وەك (پەسەندکردنی زانیاری، بیرکردنەوەی داهێنەرانە ...) لە هەر پۆلێکی قۆناغی بنەڕەتی لە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان.

3- کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیجییەتی ڕێکخراوە پێشکەوتووەکان لەسەر دەستکەوت و چەند گۆڕاوێکی تر لەلای فێرخوازانی قۆناغی ئامادەیی لە بابەتی مێژوودا.

## لیستی سەرچاوەکان (قائمة المصادر)


**یەکەم: بەزمانی کوردی:**

1- عزيز، كريم احمد (2021)، ستراتیژە نوێیەکانی وانەوتنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی نارین، هەولێر.

دووەم: بەزمانی عەرەبی:

2- ابراهيم، عميرة وفتحي الديب (1982)، تدريس العلوم والتربية العلمية، طبعة السابع، دار المعارف، قاهرة – مصر.

3- ابو جادو صالح (2000)، علم النفس التربوي، ط2، دار السميرة للنشر والتوزيع والطباعة، عمان – الاردن.

4- ابومي، رنا احمد عبدالرحمن (2012)، أثر استدام العصف الذهني والمنظم المتقدم في تدريس العلوم للمتفوقين من الصف السابع الاساسي في التحصيل والتفكير العلمي، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية العلوم التربوية، جامعة الشرق الاوسط، عمان – الاردن.

5- الابيض، عباس علي كريدي (2010)، أثر منشطات الإدراك في التحصيل والاحتفاظ لدى طلاب الصف الرابع الأدبي في مادة الجغرافية، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية التربية الاساسية، الجامعة المستنصرية، بغداد.

6- الامام،مصطفى محمود وانور حسين عبدالرحمن وصباح حسين العجيلي (1990)، التقويم والقياس.

7- أمبوسعيدي، عبدالله بن خميس وهدى بنت علي الحوسنية (2016)، إستراتيجيات التعلم النشط (180 إستراتيجية مع الامثلة التطبيقية)، ط2، دار السميرة للنشر والتوزيع والتباعة، عمان – الاردن.

8- آل عويد ، وصفي خلف حسين (2008) ، أثر استراتيجية العصف الذهني في تنمية التفكير الاستدلالي لدى طلاب الصف الرابع الإعدادي عند تدريس مادة الجغرافية ، الجامعة المستنصرية / كلية التربية الاساسية ، رسالة ماجستير غير منشورة.

9- داود، عزيز حنا و عبدالرحمن انور حسين (1990)، مناهج بحث التربوي، دار الحكمة للطباعة والنشر، جامعة بغداد.

10- دروزة، افنان نظير، (2007)، النريه فى التدريس وترجمتها علميا، دار الشروق للنشر والتوزيع، عمان.

11- دروزة،افنان نظير (1991)، منشطات استراتيجيات الادراك كوسائل ادراكية معينة لتحسين العملية التعلمية التعليمية، مجلة جامعة بيت لحم، عدد 10.

12- سعداوي، محسن علي (2016)، تأثير المنشطات العقلية في ادا بعض مهارات الطرق بجمناستك الإقاعي للطالبات، كلية التربية البدنية وعلوم الرياضة، جامعة ذيقار، ذيقار – عيراق.

13- الشهراني، عبدالعزيز صالح يحي الدهمشي (2010)، التدريس الفعال، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية التربية، جامعة الملك خالد، المملكه العربيه السعوديه.

14- صخي،مهدي خطاب (2010)، استعمال منشطات الادراك في تدريس مادة علم نفس الطفل للطالبات معهد اعدات المعلمات في تنمية تفكير هن العلمي، كلية التربية الاساسية، جامعة واسط.

15- الطائـــي، رنا غانم حامد حمدي (2002)، أثر استخدام طريقة المنظمات المتقدمة في تحصيل طلبة الصف الأول كلية المعلمين في مادة الجغرافية، الجامعة المستنصرية، بغداد.

16- الطقاطعة، مني محمد محمود (2017)، أثر برنامج تعليمي قائم على المنظمات المتقدمة في التفكير الناقد والمفاهيم البديلة في العلوم لدى طلبة الصف التاسع الاساسي في محافظة طولكرم، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة النجاح الوطنية، نابلس – فلسطين.

17- عبدالامير،فاطمة وبتول محمد جاسم (2009)، أثر منشطات استراتيجيات الإدراك في تحصيل الطالباتالصف الخامس العلمي وتنمية مهاراتهن العقلية في مادة علم الأحياء، مجلة القادسية في الاداب والعلوم التربوية، عدد 1، مجلد 8.

18- عبدالرحمن، سعد (2008)، القياس النفسي النظرية والتطبيق، ط5، هبة النيل العربية للنشر والتوزيع.

19- عبدالرضا، نجدت عبدالرؤف واياد صاحب حمادي علي تكي (2014)، فاعلية انمذج مقترح لتصميم تعليمي على وفق منشطات الإدراكفي تنمية مهارات التفكير العلمي في مادة الجغرافية لدى طلاب الصف الاول المتوسط، مجلة اهل البيت، عدد السابع عشر.

20- عبدالقادر، عبدالقادر محمد (2013)، نماذج واستراتيجيات التدريس الفعال بين النظرية والتطبيق، طبعة الاولى، دار الكتاب الجامعي، العين – الدولة الإمارات العربية المتحدة.

21- عطية،محسن علي (2008)، استراتيجيات الحديثة في التدريس الفعال،ط1، دار الصفاء للنشروالتوزيع، عمان – الاردن.

22- العفون، نادية حسين وقحطان فضل راهي، (2010)، فاعلية تصميم تعليمي وعلاقتهما بالتفكير العلمي والوعي البيئي، دار صفاء للنشر والتوزيع، عمان.

23- علي، اكرم فتحي (2011)، توظيف انماط المنظمات المتقدمة في نظام إدارة بيئةالتعلم الإلكترؤني عن بعد EMES على التحصيل المعريفي وبقاء أثر التعلم لدى الطلاب ماجستير التوجية والارشاد التربوي بجامعة الملك عبد العزيز، دار سمات للدراسات والبحاث، مجلة العلوم التربوية، عدد 3، مجلد(1).

24- العميري، احمد هاشم محمد داود (2007)، اثر إستراتجيتي التعليم المتقن والمنظمات المتقدمة في التحصيل والاتجاه نحو التاريخ لدى طالبات المرحلة المتوسطة، اترحة دكتوراء غير منشورة، كلية التربية – الجامعة المستنصرية، بغداد.

25- عودة، احمد (1999)، القياس و التقويم في العملية التدريسية، الطبعة الاولى، دار الامل للنشر و التوزيع، أربد الاردن.

26- فان دالين، ديو بولاب (2007)، منهج بحث في التربية و علم النفس، ترجمةنبيل نوفل و اخرون، مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة – مصر.

27- فتلاوي، جؤذر حمزة كاظم وابراهيم عويد هراط (2014)، أثر منشطات الادراك في الستيعاب القرائي لدى طلاب الصف الثاني المتوسط في مادة المطالعة، كلية التربية للعلوم الإنسانية، جامعة بابل.

28- فورة، ناهض صبحي سعيد (2015)، أثر استخدام استراتيجية المنمات المتقدمة في تدريس القواعد النحوية على تحصيل طالبات الصف الثامن في المرحلة الاساسية العليا بمحافةغزة، مجلة الجامعة الإسلامية للدراسات التربوية والنفسية، المجلد الثالث والعشرون، العدد الأول.

29- الكبيسي، عبدالواحد حميد (2007)، القياس و التقويم – تجديدات و مناقشات، طبعة الاولى، دار جرير للنشر والتوزيع، عمان – الاردن.

30- محمود،احمد محمود احمد 2020)، توظيف انماط المنظمات المتقدمة في بيئة التعلم التكيفية النقالة واثرها على تنمية الوعي السياسي وتدعيم قيم المواطنة ومنظور زمن المستقبل لدى الطلاب المعوقين سمعيا بالمرحلة اللإعدادية، مجلة جامعة جنوب الوادي الدولية للعلوم التربوية، الاصدار الخامس.

31- مرعي، توفيق احمد ومحمد محمود الحيلة (2011)، طرائق التدريس العامة، ط5، دار السميرة للنشر والتوزيع، عمان – الاردن.

32- نبهان، موسى (2004)، اساسيات القياس في العلوم السلوكية، ط1، دار الشروق للنشر والتوزيع، عمان – الاردن.

33- نوفل، محمد بكر واخرون (2007)، مدخل الى مناهج البحث في التربية وعلم النفس، ط1، دار المسيرة، عمان - الاردن.

34- خضر،فخري رشيد (2014)، طرائق تدريس الدراسات الاجتماعية، ط2، دار السميرة للنشر والتوزيع، عمان.

35- سعداوي، هنية بنت عبدالله بن سراج (2015)، اثر استخدام استراتيجيات التدريس التفاعلي النشط على تحصيل الاجل لمقرر طرق التدريس شعبة الكيمياء الطالبات كلية التربية جامعة ام قرى،، كليه التربيه - جامعه ام قرى، مجلة دراسات في التعليم الجامعي، عدد (30).

36- حمودي، منى (2010)، التحصيل الدراسي وعلاقتة بمفهوم الذات (دراسة ميدانية على عينة من تلاميذ الصف الخامس – حلقة ثانية – من التعليم الاساسي في مدارس محافة دمشق الرسمية)، مجلة جامعة دمشق، مجلد 26.

37- سعيد، قنيش (2012)، الاتصال التربوي وعلاقاته بمستويات التحصيل الدراسي دراسة لدى عينة من تلاميذ السنة الثانية الثانوي، كلية العلوم الاجتماعية – جامعة وهران.

38- توفيق، بروحة سياحة جمعة (2018)، نظام ل.م.د وتأثيرة على التحصيل الدراسي، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة احمد دراية ادرار، الجزائر.

**سێیەم: بەزمانی ئینگلیزی:**

39- Piyawan Sunasuan and Ubonwan songserm (2021), Using advance organizer model to influence the meaningful learning of new concepts for ESL learners in a collaborative classroom, Arab world English journal (AWEJ) volume 12.

40- Kapri, Umesh Chandra (2017), Effectiveness of advance organizer model over conventional methods of teaching of science at secondary level, international journal of research granthaalayah, vol.5, iss.7.

41- Enekwechi E.E (2018), Effect of advance organizers in the teaching of chemistry in secondary schools a case study of Anambra state, academic journals expand your knowledge, 18th, 23rd.

پاشكۆی ژماره (1) لیستی ناوی پسپۆران

| ز | ناوی سیانی | پسپۆری | نازناوی زانستی | شوینی كاركردن |
|---|---|---|---|---|
| 1. | د.مەولود حمد نبی سورچی | ڕێگاكانی وانەوتنەوە | پرۆفیسۆر | زانكۆی دهۆك |
| 2. | د.حامد مصطفی بلباس | ڕێگاكانی وانەوتنەوە | پرۆفیسۆر | زانكۆی سەلاحەددین – هەولێر |
| 3. | د.حسین سعدی ابراهیم | ڕێگاكانی وانەوتنەوە | پرۆفیسۆر | زانكۆی سەلاحەددین – هەولێر |
| 4. | د.وعد محمد نجات صبری | ڕێگاكانی وانەوتنەوە | پرۆفیسۆر | زانكۆی سەلاحەددین – هەولێر |
| 5. | د.جبار احمد عبدالرحمن | ڕێگاكانی وانەوتنەوە | پرۆفیسۆر | زانكۆی كۆیە |
| 6. | د.فرهاد علی مصطفی | ڕێگاكانی وانەوتنەوە | پ.یاریدەدەر | زانكۆی سەلاحەددین – هەولێر |
| 7. | د.شوان فرج سعید | ڕێگاكانی وانەوتنەوە | پ.یاریدەدەر | زانكۆی گەرمیان |
| 8. | د.سیناء احمد علی | دەروونزانی پەروەردەیی | پ.یاریدەدەر | زانكۆی سەلاحەددین – هەولێر |
| 9. | د.سلوی احمد امین | پێوانە و هەڵسەنگاندن | پ.یاریدەدەر | زانكۆی سەلاحەددین – هەولێر |
| 10 | د.مناظل عباس قاسم | ڕێگاكانی وانەوتنەوە | پ.یاریدەدەر | زانكۆی گەرمیان |
| 11 | د.سرمد صلاح محیدین | فەلسەفەی پەروەردە | پ.یاریدەدەر | زانكۆی گەرمیان |
| 12 | د.تانیا نورالدین | ڕێگاكانی وانەوتنەوە | پ.یاریدەدەر | زانكۆی سەلاحەددین – هەولێر |
| 13 | د.احمد حەمەد ئەمین هۆمەر | مێژوو | پ.یاریدەدەر | زانكۆی سەلاحەددین – هەولێر |
| 14 | د.سامان حسین احمد | مێژوو | پ.یاریدەدەر | زانكۆی سلێمانی |
| 15 | د.زریان سالار حمەعارف | مێژوو | پ.یاریدەدەر | زانكۆی سلێمانی |
| 16 | د.كامل اسود قادر | مێژوو | پ.یاریدەدەر | زانكۆی سەلاحەددین – هەولێر |

**تأثير الإدارة الإستراتيجية للناشطين والتنظيم المتقدم له إنجازات في موضوع التاريخ**

**الملخص:**

الهدف من هذا البحث هو تحديد أثر استراتيجي المنشطات الادراكية والمنظمات المتقدمة على التحصيل طلبه قسم العلوم الاجتماعية فى ماده التاريخ العصور الوسطى للكورد فى قسم العلوم الاجتماعية ، واختار الباحث طلبه مرحلة الثانية قسم العلوم الاجتماعية، وقد اختار الباحث هذه المرحلة عن قصد لسببين: بسبب الاول ملاءمة عدد الطلبة فى تلك المرحلة، ثانياً وجود مادة تاريخ الكورد في العصور الوسطى في تلك المرحلة الدراسية.

استخدم الباحث تصميم شبه تجريبى للبحث، حيث تضمنت البحث ثلاث مجموعات متوازنة المجموعة التجريبية الاولى تلقت المادة حسب استراتيجية المنشطات الادراكية، المجموعة التجريبية الثانية تلقت المواد حسب استراتيجية المنظمات المتقدمة و، المجموعة الثالثة تلقت المادة على وفق طريقة الاعتيادية، وتألفت كل مجموعة من ( 19 ) طالبةً/طالباً، قام الباحث ببناء اختبار تحصيلي بناء اشتملت الدراسة على 40 سؤالا من الاختيار المتعدد ، استخدم الباحث رزمة الاحصائية spss لتحليل البيانات بناء على النتائج التالية:

1- استراتيجيات المنشطات المعرفية طريقة ناجحة لتدريس التاريخ ، أول مجموعة خبرة قد حققت تعليما عاليا.
2- التدريس وفقا لاستراتيجية المنظمات المتقدمة، فهي ناجحة وفعالة للمواد التاريخ لدى طلاب قسم العلوم الاجتماعية.

**الكلمات الدالة:** التأثير ، الإستراتيجية ، المنشطون الإدراكيون ، الناجحون ، الإنجاز.

**The effect strategic administration of the activists and the advanced organization has achievement in the subject of history**

**Abstract:**

The aim of this study is to investigate the effect of stimulants of cognitive strategy and advance organizers on the students' learning achievement from the Department of Social Sciences at the subject of the medieval history of the Kurds. The study sample consisted of second year students at the Department of Social Sciences Selecting such a sample of students is due to two reasons: the suitability of this stage and teaching the history of the Kurds in the Middle Ages in this stage. The researcher used a quasi-experimental research design, where the research included three balanced groups (two experimental groups and one control group), the first experimental group received the material according to the strategy of cognitive stimulants, the second experimental group received the material according to the strategy of the advance organizers, and the third group( control group) received the material according to the usual method, and each group consisted of 19 students (males and females) . The researcher designed an achievement test based on the study. The study included 40 multiple-choice items. After administering the test and collecting data, the researcher used SPSS software to analyze the data . The results arrived at in this study showed that stimulants of cognitive strategy was a successful method for teaching history. The first experimental group achieved better learning, and the strategy of advance organizers was successful and effective for history subjects among students of the Department of Social Sciences.

**Keywords:** Impact, Strategy, Cognitive Activators, Successful, Achievement.